# بونیادنانی پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی لاوازی ئاگاداربوون لە لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە بە پێی ڕێبەری (DSM-5)

ID No. 845

(PP 313 - 331)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.15

**پ.ی.د ولید خالد عبدالکریم**

بەشی ڕێنمایی دەروونی،فاکەڵتی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Waleed.baban@su.edu.krd

**خەڵات خیرالله خضر**

بەشی باخچەی منداڵان،کۆلێژی،پەروەردەی بنەرەت،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Khalatkoye1@gmail.com

**وەگــــــرتن : 2023/01/02**

**پەسندکردن : 2023/02/20**

**بڵاوکردنەوە :2023/10/15**

**پوختە**

توێژەران هەستیان بە کێشەی بونی منداڵانێک کرد کە ئاگاداربوونیان وەک پێویست نییە و لاوازیدەبێت، هەڵسان بە درووستکردنی توێژینەوەیەک بە ئامانجی بنیادنانی پێوەرێك بۆ دەستنیشان کردنی لاوازی ئاگاداربوونە لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە بە پشت بەستن بە ڕێبەری دەستنیشانکردن و ئاماری پێنجەمی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ پزیشکی دەروونی (DSM-5 )، نمونەیەکیان بە ڕێگەی چینایەتی هەڕەمەکی هەڵبژارد کە پێکهاتووە لە (644) دایك و مامۆستای (322) منداڵ، لە تەمەنەکانی خوار (6) ساڵان . توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبەری(DSM-5) بەستووە بۆ بنیادنانی پێوەرەکە، لە پاش دڵنیابوون لە خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی پێوەرەکە وەک ڕاستگۆیی و جێگیری لەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێیان کرد، وشیتەڵکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری گونجاو بەسوودوەرگرتن لە بەرنامەی ئاماری (SPSS-25)،گەیشتن بەوەی دەکرێ منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە پەرتوبڵاوی ئاگاداربوونیان هەبێت، ئەوەش لەوانەیە بەهۆی ڕانەهێنانیان بێت لەسەر چڕکردنەوەی ئاگاداربـــوونیان لەو بابەتانەی کە پێویستە ئاگاداری بن. وهەروەها ڕەگەز لە هۆکارە گرنگەکانە بۆ توشبوون بە پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون، بە جۆرێك ڕەگەزی نێر زیاتر تووش دەبن لە ڕەگەزی مێ.

**کلیلە وشەکان** : لاوازی ئاگاداربوون ، منداڵانی پیش تەمەنی چوونە قوتابخانە ، DSM-5 .

## ١-٢ گرفتی توێژینەوە:

لە میانی کارکردنی توێژەران لە بوارەکانی وابەستە بە منداڵانەوە، تێبینیی ئەوەیان کرد کە هەندێك منداڵ هەن گرفتی لاوازی ئاگاداربوونیان ەەیە، هەروەها هەستی بەوەش کرد کە جیاوازییەك لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرفتەدا هەیە لەلایەن دایکان و مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە، سەرباری ئەمەش هەردوولایان ئامرازی دەستنیشانکردن و پێوانەکردنی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوونیان لەدەستداوە، بە جۆرێك لەوانەیە دۆزینەوەی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لە قۆناغە بەراییەکانی تەمەندا ئەستەم و زەحمەت بێت، لە سۆنگەی ئەوەی هێشتا منداڵ لە قۆناغی سەرەتای تەمەنیدایەو توانستە مەعریفی و کۆمەڵایەتی و جووڵەییەکانی بە شێوەیەکی ئەوتۆ گەشەیان نەکردووە کە هەست بە کەموکووڕیی ئەو لایەنانە بکرێت، بۆیە بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سەریهەڵداو هاتەئاراوە، کە توێژەران پێشبینی دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی بەردەوامی ئەم گرفتە لەلای منداڵان سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕەفتاری منداڵ، چ لە لایەنی مەعریفی، یان جوولەیی، یاخود لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بێت، ئەوەش وەکو هەوڵێك لەلایەن توێژەرانەوە بۆ هوشیارکردنەوەی باوان و مامۆستایان و پەیبردن و درکپێکردنی کاریگەرییەکانی ئەم شڵەژانەو ئەو هەوڵەی پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەریدا بگیرێتەبەر.

بە جۆرێك ئەو منداڵانەی بەدەست پەرتوبڵاویی ئاگاداربوونەوە دەناڵێنن، کەموکووڕییان لە زۆربەی لایەنەکانی کرداری ئاگادربوون و لاوازیی توانایان لە پارێزگاریکردنی ئاگاداربووندا هەیە، ئەمەش دەبێتە مایەی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی گرفتی هەمەجۆر لەماڵەوەو لە باخچەو لە شوێنەکانی دیکەش، هەروەها لاوازیی ئاگاداربوون لە دیاردە ڕەفتارییە جۆراوجۆرەکانی

دیکەش، لەوانە: ماوەی ئاگاداربوونی کورت و بێ توانای لەسەر پارێزگاریکردنی ئاگاداربوون و ئاگاداربوونی گواستنەوەی ورووژێنەرە دیاریکراوەکان (الانتباه الانتقالي لمثيرات معينه). زێدەباری توانای حەپەسان (الذهول)و ئاگادارنەبوون (السطحية، 2005: 3).

کرداری فێرکردن وا لە منداڵان دەخوازێت، ئـاگاداربوونیـــــان لە ئـــــەرکێکەوە بۆ بگوازنەوە ئـــــەرکێکی دیکە، کەچی گرفتی ئەو منداڵانەی ئاگاداربوونیان پەرتوبڵاوە، بریتییە لە لاوازیی توانای گواستنەوەیان لە ورووژێنەرێکەوە بۆ وروژێنەریکی تر، ئەمەش ستراوس(Strauss,1908) ناویناوە جێگیری و پارێزگاریکردن (الثبات والاحتفاظ)، چونکە منداڵ بە شێوەی دووبارەکردنەوە هەمان کارامەیی ئەنجام دەداتەوە بێ گواستنەوەی بۆ کارامەییەکی دیکەی دواتر (البطاينه وآخرون، 2005: 85). ئەو منداڵانەی ئاستەنگی ئاگاداربوونیان هەیە، کێشەی بەدواداچوونی ئەو کارامەییانەیان هەیە کە بە شێوەیەکی زنجیرەیی و یەك لە دوای یەك دەخرێتە بەردەستیان، لەوانەیە هۆی ئەم گرفتەش بگەڕێتەوە بۆ چـــەندین ئەگەر، لەوانـــــە جەختکردنەوەی تاك لەسەر ورووژێنەرێکی بەردەمی و شکستهێنـــــانیشی لە بەدواداچوونی ورووژێنەرەکانی دواتر، کە لەوانەیە لە بەشی یەکەمی ڕێنماییەکان تێبگات، بەڵام لە بیستنی بەشەکانی دیکەی تێنەگات، هەروەها ئەو منداڵانەی بەدەست سنوورداربوونی ئاگاداربوونیانەوە دەناڵێنن، ئەوان بە دەست بەدواداچوونی ئەو کارامەییانەش دەنـــــاڵێنن کە بە شێوەیەکی زنجیرەیی دەخرێتە بەردەستیان، هەڵبەتە ئەمەش پێویستی بە ئاگاداربوون و جەختکردنەوەیەکی بەرز هەیە (بطرس، 2009: 58).

لەوەی پێشکەش کرا، خۆمان لە بەردەم گرفتێکی راستەقینەو دژواردا دەبینین کە بە پەرۆشییەوە داوامان لێ دەکات ئەم گرفتە بخەینە ژێر چاویلکەی تـوێژینەوەیەکی زانستییەوە، هەر ئەمەش پاڵی بە توێژەرانەوە نا بەرەو لە ئەستۆگرتنی زانستیانە هەنگاوبنێن و بە ناو لایەنە شاراوەکانی ئەم گرفتەدا بکۆڵنەوە کە لەم توێژینەوەیەی ئێستادا هەیە، بە شێوەیەکی تەواوکاری کە ئامرازەکانی دەستنیشان کردن و پێوانەکردنی لاوازی ئاگاداربوون لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە دابین بکات، زێدەباری دەرخستنی ئاستی مەترسیی بەردەوامبوونی ئەم شڵەژانە لای ئەو منداڵانە، کە کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر لایەنە مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکانیان و ...هتد دەبێت، بۆیە گرفتی توێژینەوەکە خۆی لە ئامادەکردنی ئامرازی دەستنیشانکردنی پێوانەکردنی لاوازی ئاگاداربوون بـبینییەوە، کە وەڵامدانەوەی پرسیارە جەوهەرییەکە بوو، ئەویش بریتییە لە : ئاستی بڵاوبوونەوەی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی پێش تەمەنی قوتابخانە چەندە؟ هەروەها جیاوازییەکانی دەستنیشانکردنی ئەو شڵەژانە چ لە لایەن دایکان، یان مامۆستایانی ئەو منداڵانەوە چییە؟

**١-٣ گرنگی توێژینەوە:**

گومان لەوەدا نییە کە ئاگاداربوون یەکێکە لە کردارە عەقڵییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی تاکدا دەگێڕێت لە رووی توانای لە پەیوەندیکردنی بە ژینگەی دەوروبەرەوە، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر هەڵبژاردنی ئاگادارکەرەوە (المنبهات) هەستەوەرییە جیاوازو گونجاوەکان دەبێت، هەتا توانای شیکردنەوەو پەیبردنی بە وردی و وەڵامدانەوەی بە شێوەیەکی ئەوتۆ وای لێ بکات لەگەڵ ژینگە ناوخۆی و دەرەکییەکەیدا وەکو یەك بگونجێت. ئەم کاریگەرییەی ئاگاداربوونیش لە هەڵسوکەوت و چالاکییە فێرکارییەکاندا گەورەو مەزنتر دەبێت، بە جۆرێك ئاگاداربوون بە دەروازەی هەموو کردارە مەعریفییەکان دادەنرێت، بۆیە ئەگەر ئاگاداربوون نەبێت، ئەوا منداڵ توانای بەدەستهێنانی فێربوونی بە شێوەیەکی پێویست نابێت، هەر لەبەر ئەمەشە بە مەرجێکی بنەڕەتیی فێربوون دادەنرێت. (أبو سريع، 78:2008)

قۆناغی باخچەی منداڵانیش لە قۆناغە گرنگەکانی خوێندن و هۆکارێکی گرنگی بونیادنانی کەسایەتیی منداڵ دادەنرێت، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو خزمەتگوزارییە فێرکاری و پەروەردەکارییەی پێشکەشیان دەکات، ئەم قۆناغە لە گرنگترین ئەو قۆناغانە دادەنرێت کە منداڵ پێیدا تێپەڕ دەبێت و مەترسیدارترینیشیانە، چونکە هەر لەم قۆناغەدا پێکهاتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بایۆلۆژییەکانی پێکدێن و توانستە عەقڵی و بەهرە داهێنەرەکانی گەشە دەکەن و چەندین رەفتاری جۆراوجۆریش بەپێی ئەو هەلومەرج و بارودۆخە ژینگەییەی دەوروبەری بەدەستدەهێنێت و فێر دەبێت. بۆیە ئەم قۆناغە بە زەمینێکی بە پیت و بڕشت لە ئامادەکردنی دەستپێکی ئایندەی منداڵ دادەنرێت (الاغبري ،2005: 285). بە جۆرێك ئەرکی باخچەی منداڵان لە بنەڕەتدا لەسەر گەشەپێدانی توانستەکانی خوێندنەوەو نووسین لای منداڵان راوەستاوە، جا ئەگەر لەم قۆناغەدا هەر ئاماژەیەك لەسەر ئاستەنگەکانی ئاگاداربوونی منداڵان دەرکەوت، ئەوا دەبێتە مایەی شکستخواردن و سەرنەکەوتنیان لە قۆناغەکانی دواتری خوێندن و

دەستەپاچەبوونیان لە بەدەستهێنانی کارامەییە پێویستەکانی فێرکردن و خوێندن، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەو وازهێنان و تەواونەکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانە (کوافحة ،2003: 14).

پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لە شڵەژانە کاریگەرەکانی لەم قۆناغە دادەنرێت، کە گرفتێکی گەورەش بۆ منداڵەکەو پەروەردەکارەکەی دروست دەکات و وا دەکات پێویستیی زۆری بە بایەخپێدان هەبێت، گرنگیی لێکۆڵینەوەی شڵەژانەکانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵان لە سایەی زیاتربوونی رێژەی بڵاوبوونەوەیدا زیاتر دەبێت، زێدەباری مەترسیی بەردەوامبوونی ئەو شڵەژانە هەتا دوای قۆناغی منداڵێتیش، لەم بارەیەوە (Macantaer،1938) باسی ئەوە دەکات کە (90%)یان لەو منداڵانەن کە تووشی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون هاتوون، ئەوانەن کە لە کۆمەڵگەی قوتابخانەییدا هیچ بەرهەمێکیان نییە، هەروەها (90%)یشیان لە ئاستێکی نزمی خوێندندان و (20%)یشیان بە دەست ئاستەنگی خوێندنەوەوە دەناڵێنن و (60%)یشیان گرفتی گەورەیان لە نووسیندا هەیە، سەرباری ئەوەی تەنها (5%)یان دەگەنە قۆناغە باڵاکانی خوێندن و فێربوون (ماکنتایر، 2004: 80).

زێدەباری ئەوەش توێژەران تێبین دەگمەنی زانیارییە بەردەستەکان کرد دەربارەی منداڵانی تووشبوو بەم شڵەژانەو کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پەرەسەندنی دەروونیی منداڵ و زیرەکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وبە تایبەتیش هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆیە زۆر گرنگە ئەو منداڵانەی تووشی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون هاتوون، بایەخی پێویستیان پێبدرێت.

ئەوەش پشتگوێ نەخەین کە کرداری دەستنیشانکردنی شڵەژانەکانی کەمی ئاگاداربوون بە یەکێك لە قۆناغە زۆر گرنگەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی بە هەنگاوی یەکەم و بنەڕەتی دادەنرێت لە گۆڕینی منداڵی دەستنیشانکراو بەم شڵەژانە بۆ پێگەی پەروەردەیی گونجاو بۆی و نەخشەسازیکردنی بەرنامەی فێرکاریی تایبەت بە خۆی (عبدالفهیم، 2016: 75). کەچی رێبەری دەستنیشانکاری و ئاماریی شڵەژانە عەقڵییەکانی تیراژی پێنجەم (Diagnostic and Statistical Manual of Mental)، کە لە لایەن کۆمکاری پزیشکیی دەروونیی ئەمەریکی (American Psychiatric Association)یەوە دەرچووە، یارمەتییەکی زۆری دەستنیشانکردنی شڵەژانی کەمی ئاگاداربوونی دا، لە سۆنگەی ئەوەی لە گرنگترین سەرچاوە پشت پێبەستووەکانە لە دەستنیشانکردنی ئەم شڵەژانە. چونکە پێشتر ئەم شڵەژانە هەتا تەمەنی نۆ ساڵان دەستنیشان نەدەکرا، کەچی ئەم رێبەرە دەستنیشانکارییە بەپێی ئەو لیستەی ەێنابوونییە ئاراوە، توانرا ئەم شڵەژانە لە قۆناغە بەراییەکانیدا دەستنیشان بکرێت (Morrison,2014:33). ئەمەش دەرفەتی دەستنیشانکردنی شڵەژانەکەو پەیبردن بە مەترسییەکانی لە قۆناغە تەمەنییەکانی دواتر بۆ پەروەردەکاران و توێژەران رەخساند. هەر لێرەشەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە سایەی نەبوونی ئامرازی گونجاو بۆ دەستنیشانکردنی ئەم شڵەژانە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەردەکەوێت، لە هەمان کاتیشدا پشت بە پێدراوە ئامارییە ناوخۆییە باوەکانی نێوان منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە دەبەستێت لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**٤-١ ئامانجەکانی توێژینەوە :**

1. بنیادنانی پێوەرێك بۆ دەستنیشان کردنی لاوازی ئاگاداربوون لە لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە بە پشت بەستن بە ڕیبەری دەستنیشانکردن و ئاماری پێنجەمی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ پزیشکی دەروونی (DSM-5 ).
2. زانینی ئاستی لاوازی ئاگاداربوون لە لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە.
3. زانینی ئاستی جیاوازی لە لاوازی ئاگاداربوون لە لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە لە لای هەردوو رەگەز (نێر – مێ) .

**٥-١ سنووری توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە سنووردار دەکرێت بە منداڵانی پێش تەمەنی قوتابخانە واتە خوار تەمەنی (4-5) ساڵان لە هەردوو رەگەز بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) .

**٧-١ پێناسەی زاراوەکان :**

**پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون:**

-القمش ومعایطة (2007): بڕ توانایە لەسەر بەدواداچوون و جەختکردنەوە لەسەر ئەرکەکان و وروژێنەرە هەڵبژێردراوەکان، یان ئەو وروژێنەرە پەیوەستن بە هەڵوێست، یان زێدەڕۆیی لە ئاگاداربوونی وروژێنەرە پەیوەستەکان بە هەڵوێستەوە.( القمش ومعایطة ،2007:165)

-الدسوقي (2006): بریتییە لە پەرتوبڵاویی هزری و خۆلادان لە ئەنجامدانی ئەو ئەركانەی پێویستییان بە ئاگاداربوون هەیە بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ، شانبەشانی ئەو رەفتارانەی بریتین لە پشتگوێخستن و لە بیركردن لە كاتی ئەنجامدانی چالاكییە رۆژانەییەكان و لەدەستدانی كاڵاو كەلوپەلەكان لە زۆربەی كاتەكان و بێ توانایی لە گرتنەبەری رێنوونییەكان و ئاستەنگی رێكخستن، یان ئەنجامدانی ئەركەكان . ( الدسوقي،28:2006)

-باركلی (Barkley,2003): بریتییە لەو شڵەژانە گەشەییەی كە لە قۆناغەكانی منداڵێتی پێش تەمەنی حەوت ساڵان دەردەكەون، بەوەش ناسراون كە ئاستی گەشەییان لە لایەنی ئاگاداربوونی بینین و بیستن و رەفتاری زێدەچالاكی و هەڵپەییەوە نەگونجاوەو كاریگەریی نەرێنیش لەسەر یەكێك یان زیاتر لە لایەنێكی ژیان دەكات، وەكو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و ئامانجە ئەكادیمییەكان، زێدەباری ئەركە خۆگونجێنەرییەكان و مەعریفییەكان.(باركلی،360:2003)

پێناسەی كرداری :

بریتییە لە لاواز هزری و خۆلادان لە ئەنجامدانی ئەو ئەركانەی پێویستییان بە ئاگاداربوون هەیە بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ، وە پشتگوێخستن و لە بیركردن لە كاتی ئەنجامدانی چالاكییە رۆژانەییەكان و لەدەستدانی كاڵاو كەلوپەلەكان لە زۆربەی كاتەكان و بێ توانایی لە گرتنەبەری رێنوونییەكان و ئاستەنگی رێكخستن، یان ئەنجامدانی ئەركەكان .

## 2- چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەكانی پێشووتر:

### ١-٢ چەمكی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون (مفهوم تشتت الانتباه):

ئاگاداربوون، تاقیكردنەوەو ئامادەسازیی هزر، یان ئاراستەكردنی هەست و جەختكردنەوەیەتی لەسەر شتێكی دیاریكراو، بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ تێبینیكردن و ئەنجامدانی یاخود بیركردنەوە لێی. كاتێك مرۆڤ بابەتێكی گرنگ دەخوێنێتەوە، یان بیر لە پرسێك، یان گرفتێك دەكاتەوە، ئەو كاتە هەست بە بوونی كەسەكان و شتەكانی دەوروبەری ناكاتەوە، تەنها هەستێكی تەمومژاوی نەبێت، لەم حاڵەتەدا دەگوترێ بابەتی ئاگاداربوونی چەقی هەستكردنی دەگرێتەوە، بەڵام جگە لەمەیان ئەوانی دیكە هەموو لە پەراوێزی هەستكردنیدان. (الحوامدة ،2019:69).

چەمكی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لە چەمكە هاوچەرخەكانە، بە شێوەیەكی وردیش ئەم شڵەژانە دیاری نەكرا تەنها لە سەرەتای هەشتەكانی سەدەی رابردوودا نەبێت، بەرلەوە كەسەكە وا دەستنیشان دەكرا كە لە رووی توانای فێربوونەوە لاوازەو كەموكوورییەكی ساده لە ئەركەكانی مێشكیدا هەیە، یان كەمێك تووشبوونی لە مێشكدا هەیە (أبو سريع، 2008: 49)

بەڵام (مجيد، 2008: 124) وا پێناسەی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوونی كردووە بەوەی: "حاڵەتێكی نەخۆشیی رەفتارییە، لای منداڵ دەردەكەوێت و وا لە منداڵان دەكات پلەو ئاستێكی ئاگاداربوون و جەختكردنەوەی زۆر كەمیان زۆر كورتیان لەبەردەستدا بێت، ئەمەش وایان لێ دەكات توانای جەختكردنەوەو وەبیرهاتنەوەو رێكخستنیان نەبێت، پشتگوێخستن و گوێ پێنەدان دەربارەی شتەكانی دەوروبەریان لا دەردەكەوێت، دووچاری ئاستەنگ و زەحمەتیش دەبنەوە لە دەستپێكردن و تەواوكردنی ئەو چالاكییەی ئەنجامی دەدەن، وەك ئەوەی گوێیان لە هیچ نەبێت كاتێك گفتوگۆیان لەگەڵدا دەكەیت و ئەو داواكارییانەش جێبەجێ ناكەن كە داوایان لێ دەكرێت، سەرباری لەدەستدان و ونكردنی كەلوپەلەكانیان و نازانن شتەكانیشیان لە كوێ داناوە . (مجيد، 2008: 124)

بەڵام ئەو منداڵەی تووشی شڵەژانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون هاتووە بەوە پێناسە دەكرێت، كە: "ئەو منداڵەیە كە ئاستێكی ناتەواوی لە توانای جەختكردنەوەی ئاگاداربوون هەیە بۆ ماوەیەكی درێژو توانای دامەزراندنی پەیوەندیی ئەرێنیشی لەگەڵ كەسانی دیكە نییە (Yong 2008:37). لە میانی ئەوەی خرایەڕوو دەكرێ پێناسەی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون بەوە بكرێت كە بریتییە لە: بێتوانایی منداڵە لە جەختكردنەوەی لەسەر ئەركەكانی و چالاكی و ئەو شتانەی لێیان داوا دەكرێت بۆ ماوەی درێژو ئاستەنگی بەدواداچوون و خێرایی لە بیرچوونەوە. هەڵبژاردنی گۆڕدراوە گونجاوەكان لەلایەن تاكەكانەوە، لەسەر كردارە عەقڵییەكان راوەستاوە كە دەكەوێتە نێوان ئەو ورووژێنەرو وەڵامدانەوەیەی كە لە رێگەیەوە تاكەكان واتای ورووژێنەرە هەڵبژێردراوەكان دەبەخشن. شڵەژانی ئاگاداربوون و پەرتوبڵاوبوونی گرفتێكی گەورەیە بە لای منداڵانەوە لە تەمەنی چوونە قوتابخانەو تەمەنی پێش چوونە قوتابخانەو بۆ ئەوانەی دەوروبەریشیان، چونكە خەم و ئەندێشەی منداڵان و ئەوانەی چاودێری و پەروەردەشیان دەكەن، تا رادەیەكی زۆر زیاتر دەبن، هەروەها ئەو منداڵانەی وێڕای ئەو شڵەژانە بە دەست چەندین گرفتی دیكەشەوە دەناڵێنن وەكو گرفتە رەفتارییەكان، لەوانەش ئاستەنگی فێربوون و بەدەستهێنانی ئەزموون و كارامییە بنەڕەتییەكان و دابەزینی ئاستی ئەدای كاری خوازراو لێیان، چ لە ماڵ یان لە قوتابخانە، سەرباری ئەنجامدانی هەندێك رەفتای نەخوازراو و ناپەسەند لە رووی كۆمەڵایەتییەوە، وەكو هاوكاری

نـەکردن لەگـەڵ هـاوپۆل و کەسـە نزیکـەکان لـە کـاتی یـاریکردن، یـان بەشـداریکردنیان لـە چالاکییـە جیاوازییـەکان (Einarsdottir,2009:54).

**٢-٢ دەستنیشانکردنی شڵەژانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون بەپێی ڕێبەری (DSM-5):**

دەستنیشانکردنی شڵەژانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لە بەر ڕۆشنایی ئەو مەحەکانەی لە ڕێبەری دەستنیشانکردن و ئاماریی پێنجەم (DSM-5) بۆ شڵەژانە عەقڵیی و دەروونی وئامارییەکان هاتوون بەم جۆرەی خوارەوە دەکرێت:

بوونی شەش یان زیـاتر لـەم نیشـانانەی خـوارەوە کـە بـە لای کەمـەوە مـاوەی شـەش مانـگ مایـەوە، بـە جۆرێـك لەگـەڵ ئاسـتی گەشەسەندندا ناکۆك و بەرکەوتنیان هەیەو کاریگەریی نەرێنی و ڕاستەوخۆیشیان لسەر چالاکییە کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوەییـەکان و پیشەییەکانیش هەیە.

تنیشانەکان بە تەنها دیاردەی ڕەفتاری سەرسـەختی (عنـاد)ی یـان سەرشـێتی (جمـوح) یـاخود شـەڕانگێزانە، یـان شکسـتخواردن لـە تێگەیشتنی ئەرکەکان، یان ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان و لە حاڵەتەکانی هەرزەکاری و پێگەیشتووانی (17) ساڵان و زیـاتر نـین، کـە بـە لای کەمەوە پێنج نیشانەیان هەیە، لەوانەش:

1. بە زۆری پێدانی ئاگاداربوون بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە ، یان هەڵەی کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی کاری قوتابخانـەیی یان کرداری یاخود لە میانی چالاکییە ڕۆژانەییەکانیدا شکست دەخوات.
2. بە زۆری ئاستەنگی لە پارێزگاریکردنی ئاگاداربوونی لە ئەرکەکان، یان چالاکییەکانی یاریکردنی وەکـو (ئاسـتەنگی پاراسـتنی جەختکردنەوەی لەسەر ئاگاداربوون لە کاتی وانەکان، یان لە میـانی گفتوگـۆکردن لەسـەر خوێندنەوەیـەکی دوورودرێـژدا) دەبێت.
3. بە زۆری وا دەردەکەوێت گوێ ناگرێت کاتێك ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ دەکرێت.
4. بە زۆری ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان ناگرێتەبەرو لە کۆتاییهێنـان بـە ئـەرکی کـارە عەقڵییەکـانی، یـان سـووککردنیان یـاخود بەرەنگاربوونەوەی لە شوێنی کاردا ناگرێتەبەر.
5. بە زۆری ئاستەنگی ڕێکخسـتنی ئـەرك و چالاکییـەکانی هەیـە، وەکـو (ئاسـتەنگی بـەڕێوەبردنی ئەرکـەکان و ڕێکخسـتنیان، ئاستەنگی پاراستنی شتەکانی بە ڕێکوپێکی، خەراپ بەکارهێنانی کات و سـەرنەکەوتنی لـە ئەنجامـدانی کارەکـانی لـە کـاتی گونجاودا).
6. بە زۆری خۆی دووردەخاتەوە یان رقی دەبێتەوە، یاخود شلوخاو دەبێت لەوەی بچێتە نـاو ئەنجامـدانی چالاکییەکـەوە کـە پێویستیی بە توانایەکی هزریی پەیوەندیکردنی هەبێت.
7. بە زۆری پێداویستییە هەرە لە پێشی ئەرکەکانی یان چالاکییەکانی لەدەست دەدات، وەکو (کلیل و چاویلکە، یان مۆبایـل و پێداویستییەکانی دیکەی).
8. بە ئاسانی بە هۆی ورژووێنەرە دەرەکییەکانەوە پەرتوبڵاو دەبێت (لە حاڵەتەکانی هەرزەکارە گەورەکان و پێگەیشـتووان کـە دەکرێ بیرۆکەی ئەوتۆ لەخۆ بگرێت کە هیچ پەیوەندییەکان نەبێت).
9. بە زۆری چالاکییە ڕۆژانەییەکانی لە بیر دەکات، وەکو (کاری ڕۆتینی و ئاسـایی، یـان لـە ئەرکـە ڕۆژانەییـەکانی هـەرزەکارە گەورەکان و پێگەیشتووان لە پارێزگاریکردن لە مەوعیدەکانی) (DSM-5 , 2013:59).

**٢-٣ تایبەتمەندییەکانی ئەو منداڵانەی بە دەست شڵەژانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوونەوە دەناڵێنن تایبەتمەندییە ڕەفتارییـەکان (الخصائص السلوكية):**

(مجدی الدسوقي، 2006) ئەوەی روونکردۆتەوە کە منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون، بە دەست گرفتـی ڕەفتارییەوە دەناڵێنن و شەڕانگێزانەترو بە هەڵپەترو سەرشێت ترن، شڵەژانە ڕەفتارییەکانیش لای نزیکەی 50%ی ئەو منداڵانـە بڵاو دەبێتەوە کە بە دەست شڵەژانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوونەوە دەناڵێنن. تایبەتمەندییە ڕەفتارییـە پەیوەسـتەکان بـە شـڵەژانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوونەوە بێ ئارامی و گۆڕینی حاڵەتی میزاجی و بێتوانایی لە هەر لە ئەستۆگرتنی هەڵوێستەکانی دەوروبـەرو سـووربوون و سەرسـەختی و لاسـاری و بێهێزیـی متمانـەیی و نزمـی چـەمکی خـودو بێتوانـایی لـە ئەسـتۆگرتنی بەرپرسـیارێتی دەگرێتەوە، توندوتیژیی ئەم تایبەتمەندییە ڕەفتارییانەش بە جیاوازیی تەمەن و ئەو ژینگەیەی تاك تێیدا دەژێت جیاواز دەبێـت (الدسوقي، 2006: 53).

1. تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان (الخصائص الاجتماعية):

ئەو تاکەی بە دەست شڵەژانی کەموکووڕیی ئاگاداربوون و زێدەچالاکییەوە دەناڵێنێت، ژمارەیەك رەفتاری نەخوازراوی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لێ دەردەکەوێت، وەکو پابەند نەبوون بە نەریتەکان و ئەو سیستەمانەی کاریان پێ دەکرێت وجێگیرنەبوونی هەڵچوونی و زۆر قسەکردن، یان زۆربڵێی بەردەوام و قسەبڕین بە کەسانی دیکە لە کاتی ئاخاوتن، ئەم جۆرەرەفتارانەش وای لێ دەکەن هاوسەنگی و گونجانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانیتر لەدەست بدات و رقیان لێی ببێتەوەو لە رووی کۆمەڵایەتییەوە رەتبکرێتەوە، زێدەباری ئەوانەش ئەو تاکانەی بە دەست شڵەژانی پەیوەندیکردنی نەرێنی لەگەڵ کەسانی دیکە دەناڵێنن، بە زۆری دەبنە مایەی گرفت بۆ باوان و مامۆستایان و کەسانی دەوروبەریان (الدسوقي، 2006: 53).

بارکلی (Barkly , 2013) پێیوایە کە توانای کۆنترۆڵکردنی خود لە شێوازێك، بە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی دانا لای ئەو تاکانەی شڵەژانەکانی (ADHD)یان هەیە، تەنها لە لاوازیی ئاگاداربوون، بێتواناییە لە کۆنترۆڵکردنی خودو هاتنی گرفتی بێ ئاگایی بەدوایدا، هەروەها باوەڕی وایە شڵەژانی ئاگاداربوون، لە تایبەتمەندی و گرفتەکانی جیاوازی لەگەڵ شڵەژانەکانی (ADHD) بە شێوەی دووانەیی (شڵەژانی ئاگاداربوون لەگەڵ زێدەچالاکی و هەڵپەیی) واتە (الاندفاعية) (الخشرمي، 2007: 38)

**٢-٤ ئەو تیۆرانەی تاووتوێی لاوازی ئاگاداربوون دەکەن :**

**1. تیۆری مێشکی راست و چەپ (نظرية المخ الأيمن والأيسر-Left-brain / Right-brain Theory 1981 ):**

خاوەنی ئەم تیۆرە پێیانوایە کە منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی کەمی ئاگاداربوون، لایەنی راستی مێشکیان بۆ کارکردنی زانیارییەکان و گرتنەبەری شێوازەکانی فێربوون بەکاردەهێنن و مەیل و ئارەزوو، یان ئاراستەیان بەرەو ئەوەیە کە فێرخوازی جوولەیی بن، زۆرێك لە قوتابخانە نەریتییەکانیش لایەنگیریی ئەم بیرۆکەیە دەکەن و پێیانوایە ئەو کەسانەی لای چەپی مێشکیان بەکاردەهێنن لە کارپێکردنی زانیارییەکان، کەسانی بیرمەندو لۆژیکی و خوێندەوارو بیستەرو بینەری باشن، کەچی ئەو منداڵانەی بەشی راستی مێشکیان زاڵ دەبێت، لەگەڵ ئەو ئاراستانەدا ناگونجێن و دەکەونەبەر چەندین گرفت، لەبەرئەوەی ئەو خوێندەوارانە دەبنە خوێندەواری دەست لێدان (لمسيين)، لەوانەشە بە رێگەی خۆکردەیی (تلقائي) هەوڵی بەکارهێنانی هەستی بەرکەوتن و دەست لێدانیان بە پێنووسی رەساس و دەست لێدانی ئەو کەسەی لە بەرانبەریان دادەنیشێت، یان بە دانانی دەستیان لە گیرفانەکانیان، زۆرجاریش بە خەراپ لەو جۆرە منداڵانە تێدەگەن، بەوەی کەسانی ئاژاوەچی، یان دەبنە هۆی گرفتەکان، هەروەها لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە دابینکردنی یارمەتیی سادەی وەکو پێدانی تۆپێکی لاستیك بە منداڵ بۆ ئەوەی لە سەرقاڵکردنی هەستەوەریی دەست لێدان لە کاتی گوێگرتنی لە راڤەکردن و وانەگوتنەوەی مامۆستا، یان خوێندنەوە یاخود نووسین بەکاریبهێنێت، باوەڕیشیان وایە کە کاری لەو جۆرە لەوانەیە فێربوونی بیستن و بینین زیاتر بکات، شانبەشانی کەمکردنەوەی رەفتاری ناپەسەندو نەخوازراو لە ناو ژووری پۆل، خاوەنی ئەم تیۆرە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لەسەر باوان پێویستە سەرەتا بانگی منداڵەکەیان بکەن، بەرلەوەی هیچ داواکاری یان پرسیارێکی ئاراستە بکەن، لە سۆنگەی ئەوەی ئەو منداڵانەی بەدەست شڵەژانی کەمی ئاگاداربوونەوە دەناڵێنن و زێدەچالاکیش لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، منداڵی بەرکەوتن و دەستلێدانن و هەست بە بانگکردنی باوانیان ناکەن، یان سەرچاوەی بیستنەکان سەرقاڵیان ناکات، بۆیە پێویستە لەسەر باوان دەست لە قۆڵ، یان شانی منداڵەکە بدات، دوای ئەوەی وەڵامی دایەوە، ئینجا ئەوەی دەیانەوێ بە شێوەی زارەکی ئاراستەی بکەن، تاکو لە خستنەکار، یان هەرسکردنی زانیارییەکان بە رێگەیەکی تەواو یارمەتیی بدەن (عبد الله عجبنا وآخرون،16:2012)

**2. تیۆری شنایدەرو شیفرین (نظرية شنايدر وشيفرين- Schneider & Shiffrin,1977):**

هەر یەکە لە (واڵتەرو شنایدەرو ریچارد شیفرین) دوو ئاستی کرداری پەیوەست بە ئاگاداربوونیان پێشکەش کردووە کە بریتین لە:

أ. کرداری خودی، یان خۆکردەیی (Automatic Process):

ئەمەیان لەو ئەرکە ئاسانانە بەکاردەهێنرێن کە یەکەو زاراوە باوەکان بە شێوەیەکی گەورە لەخۆدەگرن، بۆ نموونە پێویستییان بە وزەی ئاگاداربوون نییە کە پێویستیی بە جەختکردنەوەیەی بەرز هەیە، کاتێك تیشکی سوور لە ئاماژەی هاتوچۆدا دەبینێت، هەموو چالاکییە جوولەییە بەدەستهاتووەکانی دوای ئەوە (پاڵەپەستۆکردنە سەر نوێڵ –عتلة-ی راوەستان و هیتر) خۆی لە ئەنجامدانی کاری ئاسایی دووبارەکراوەدا دەبینێتەوەو پێویستیی بە تواناو وزەی زۆر نییە، کردای خۆکردەییەکەش تا رادەیەك خێرا دەبێت.

ب.   کرداری کۆنترۆڵکردن، یان زاڵبوون (عملية التحكم أو السيطرة Controlled Process):

کە لە ئەرکە قورسەکان و ئەنجامدانی کارەکان لەسەر ئاستی کرداری زاڵبوون بەکاردەهێنرێت و پێویستیی بە توانایەکی ئاگاداربوونی بەرز هەیە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا مامەڵە لەگەڵ ئەرکە ناباوەکان (Untamiliar) دەکات و ورووژێنەرە جۆراوجۆرەکانیش لەخۆدەگرێت و کردارەکەش تا رادەیەك بە هێواشی و لەسەرخۆ بەڕێوەدەچێت.

کرداری خودی، یان خۆکردەیی هاوتەریب دەبێت، ئەمەش واتای ئەوەیە کە تاك دەتوانێت لە یەك کاتدا مامەڵە لەگەڵ دوو ورووژێنەر یان زیاتردا بکات، بەڵام کرداری کۆنترۆڵکردن، یان زاڵبوون بە دوای یەکتردا دێن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە تاك هەر جارەو توانای مامەڵەکردنی تەنها لەگەڵ یەك ورووژێنەردا هەیە.

بەپێی تێڕوانینی شنایدەرو شیفرین لە کاتی دابەشکردنی ئاگاداربوون لەسەر دوو ئەرك یان ورووژێنەر لە یەك کاتدا، تاك کرداری خودی، یان خۆکردەیی بۆ ئاگاداربوون بەکاردەهێنێت، ئەوەش بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو ئەرکەکە، یان ورووژێنەرەکە، هەروەها پەیوەندی لە نێوان مەشق و راهێنان و کرداری خوی یان خۆکردەیی بۆ ئاگاداربوون هەیە، چونکە تاکی راهێنراو لەسەر ئەرکەکان پێویستیی بە دابەشکردنی ئاگاداربوونی هەیە بۆ سەر زیاتر لە ورووژێنەرێك، کرداری خۆکردەییش لای ئاسان دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بە شێوەیەکی باش.

تیۆری شنایدەرو شیفرین بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی لە نێوان ئاگاداربوونی خۆکردەیی و یادگەی کورتمەودا هەوڵی کۆکردنەوەیاندا، لەگەڵ ئەوەی بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەو تیۆرە هاوشێوەی ئەوەیە کە (پۆزنەر posner) خستییەڕوو، کەچی (ستێرنبێرگ Sternberg) لە ساڵی (1975) رێگەیەکی سادەی بۆ پشکنینی یادگەی کورتمەودا لە میانی خستنەڕووی کۆمەڵە ورووژێنەرێك و خستنە ناو یادگەی کورتمەوداوە پێشکەش کرد، بینی کاتی گەڕاوە، واتە کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە بە پشتبەستن لەسەر ئەو زانیارییە عەمبارکراوانە دەبێت لە یادگەی کورتمەودا، کە بە نزیکەی (40 ملمی چرکە) زیاد دەکات دوای هەر بڕگەیەکی نوێ، لە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی شنایدەرو شیفرین تیۆری گشتی بۆ یادگەو ئاگادرابوون دەرکەوت و هاتەئاراوە، چونکە گەنجینەکراوی یادگەی درێژمەودا بارتەقای کۆکردنەوەی وردەکارییە پەیوەستەکان دەبێت بە چەمك و پەیوەندییەکانی نێوانیان، هەر یەکە لە یادگەی درێژمەوداو یادگەی کورتمەوداش، کۆگایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە ئەنجامی ئەوەش نموونەکەی ئەلیکنسۆن و شیفرین (Atkenson & shiffrin) بۆ یادگەو ئاگاداربوون سەریهەڵدا، کە جەخت لەسەر بونیادنانی ئەو زانیارییانە دەکەنەوە کە تاك لە رێگەی دەزگا هەستەوەرییەکانەوە لە یادگەدا وەریدەگرێت و پشت بەمانەی خوارەوە دەبەستێت:

1. ئاگاداربوونی زانیارییەکان لە میانی دەزگا هەستەوەرییەکانەوە دێن.
2. ئەو چۆنیەتییەی لە میانییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا دەکرێت.

کەواتە مرۆڤ لە هەر چرکەساتێکدا دەکەوێتە بەر رێژەیەکی گەورەی ورووژێنەرەکان و ئاگادارکەرەوەکان (المثيرات والمنبهات)و زانیارییەکان، کەچی لە میانی هەستەوەرەکانەوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا دەکات، چونکە لە شێوەی سەرنجێکی هەستەوەری یان کاریگەرییەکی تێپەڕ دەچێتە ناو کۆئەندامی یادگەی هەستەوەری، یان گەنجینەی هەستەوەرییەوە، ئەم سەرنج یان کاریگەرییە تێپەڕە ئەگەر ئاگات لێی نەبێت دوای بەشە چرکەیەك ون دەبێت و نامێنێت، چونکە ئەو ئاگادربوونی زانیارییە هەستەوەرییانە وای لێ دەکەن بگوازێتەوە بۆ کۆئەندامی یادگەی کورتمەودا کە هەموو زانیارییەکان و ئەزموونەکان عەمبار دەکات، کە کەسەکە لە کاتێکی دیاریکراو ئاگای لێیان دەبێت و بۆ ماوەیەکی کورت عەمباری دەکات کە نزیکەی (15 چرکە) دەبێت، بەڵام ئەگەر تاك ئاگای لەو زانیارییانە نەبێت، ئەوا لە بەشە چرکەیەکدا لە یاد دەکرێت، کرداری گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ کۆئەندامی یادگەی درێژمەودا پشت بەو رێگەیە دەبەستێت، کە تیایدا چارەسەری زانیارییەکان دەکرێت، لە رووی شیکردنەوەو شرۆڤەکردن و زیادکردنی واتاو هێماکان بۆ سەری و بەستنەوەی زانیارییەکان و بیرۆکەکانیتر کە لە کۆگای یادگەی درێژمەودادا هەیە، بە واتایەکیتر زانیارییەکان لە یادگەی کورتە مەودادا دەناسرێن و پاشان دەگوازرێنەوە بۆ کۆئەندامی یادگەی درێژ مەودا. (الازيرجاوی ،1991: 286)

**٢-٥ ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی چەمکی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوونیان کردووە :**

**توێژینەوەکەی یۆنگ (Yong,2008):**

**(تێڕوانینەکانی مامۆستایان بۆ ئەو منداڵانەی بەدەست پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون و فرە جوڵەیی دەناڵێنن لە کۆریا)**

ئامانجی توێژینەوەکـە ئاشـکراکردنی تێڕوانینـی مامۆسـتایانە بـۆ ئـەو منداڵانـەی بەدەسـت پـەرتوبڵاویی ئاگاداربوونـەوە دەنـاڵێنن، هەروەها ئامانجی نرخاندنی زانینی مامۆستایانی قۆناغەکانی پێشوەختەیە بۆ نیشانەکانی پـەرتوبڵاویی ئاگـاداربوون و ئاسـتی توانـای پێناسەکردنیان، نموونەی توێژینەوەکە لە (258) مامۆستای قۆناغە پێشوەختەکانی منداڵێتییـە لـە کۆریـا، کـە تیایـدا چاوپێکـەوتن لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە تێڕوانینـەکانی مامۆسـتیان سـەبارەت بـە پـەرتوبڵاویی ئاگـاداربوون بـەکارهێنراوە، دەرئەنجامـەکانیش ئـەوەیان دەرخست کە ئەزموونی مامۆستا لە بواری وانەگوتنەوەو بەشداریکردنی لە بەرنامەی چارەسـەرکردنی پـەرتوبڵاویی ئاگـاداربوون، لـە هۆکارە زۆر گرنگەکانی توانایانە لەسەر پێناسەکردنی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون، هەروەها ئەنجامەکان ئاماژەیان بـە بـوونی جیـاوازیی بەڵگەداریی ئاماری دا لە زانینی مامۆستایان سەبارەت بە پەرتوبڵاویی ئاگـاداربوون، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەزموونی وانەگوتنـەوە لـە بەرژەوەندیی ئەو مامۆستایانەی ئەزموونیان زیاتربوو . (414-399: 2008 , Yong)

**العوفي (2008)**

**(کاریگەری بەرنامەی پێشکەشکراو بۆ چارەسەرکردنی نیشانە بنەڕەتییەکانی شڵەژانی لاوازیی ئاگاداربوون و زێدەچالاکی لـە ڕوانگەی کەسوکاری قوتابیان و مامۆستایانەوە لە ناوەندەکانی هەموارکردنەوەی ڕەفتار لە شاری مەدینە)**

ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی کارایی بەرنامەی پێشکەشکراو بوو بۆ چارەسـەرکردنی نیشـانە بنەڕەتییـەکانی شـڵەژانی لاوازیـی ئاگـاداربوون کـە زێـدەچالاکی لەگـەڵ خۆیـدا دێنێـت، لـە ڕوانگـەی کەسـوکاری قوتابیـان و مامۆسـتایانەوە لـە ناوەنـدەکانی هەموارکردنەوەی ڕەفتـار لـە مەدینـەی منـەووەرە لـە شانشـینی سـعودیە، نمـوونەی توێژینەوەکـە لـە (77) کارمەنـدی ناوەنـدەکانی هەموارکردنەوەی ڕەفتارو (100) کەسوکاری قوتابیان پێکهاتووە، تیایـدا پێوەرێـك بـەکارهێنراوە لـە ئامـادەکردنی تـوێژەر، کـە چـوار بواری لەخۆگرتبوو و بریتی بوون لە: بواری بەرنامەی دەستنیشـانکاری، وبـاری بەرنامـەی پشـتگیری و ئامۆژگـاریی خێـزانی، بـواری بەرنامەی چارەسەرکاری بە داودەرمان، بواری بەرنامەی چارەسەرکردنی ڕەفتاری. ئەنجامەکانی توێژینەوەکـە ئـەوەیان دەرخسـت کـە بواری بەرنامەی پشتگیری و ئامۆژگاریی خێزانی بە پلەی یەکەم هات، لـە دوای ئـەویش بـواری بەرنامـەی دەستنیشـانکاری و ئینجـا بواری بەرنامەی چارەسەرکاریی بە داودەرمان و لە پلەی کۆتاییش بواری بەرنامەی چارەسـەرکاریی ڕەفتـاری هـات، ئـەوەش بـە پێـی مەزەندەی کەسوکاری قوتابیان، هەروەها ئەنجامەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە بواری چارەسەرکردنی ڕەفتاری بە پلەی یەکـەم هـات، ئینجا بواری بەرنامەی دەستنیشانکاری و پاشانیش بەرنامەی پشتگیری و ڕێنمایی خێزانی، بەرنامەی چارەسەرکردن بـە داودەرمـانیش لە پلەی کۆتایی هات بەپێی مەزەندەی کارمەندانی ناوەندەکانی هەموارکردنەوە . (عوفی ،2008 : 4)

**3- میتۆدی توێژینەوە و ڕێککارییەکان:**

**١-٣ میتۆدی توێژینەوەکە (منهجية البحث *Method of the Research* ):**

میتۆدی توێژینەوەکە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتییە لە کۆڵەگەکانی توێژینەوەی زانستی، روون و ئاشکرایشە کە زیاتر لـە میتـۆدو ڕێبـازێکی زانستی هەن کە توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکانیان دەیانگرنەبەر، لە ناو ئەو میتۆدی توێژینەوانەش، میتۆد و ڕێبازی وەسفییە بە ڕێگەی ڕووپێوییانە (بالطريقة المسحية) بۆیە ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پشتی بە میتـۆدی وەسـفی بەسـتووە بـە ڕێگـەی ڕووپێوییانە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی، چونکە میتۆدی وەسفی یەکێکە لە شێوەکانی شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی زانسـتیی ڕێکوپێـك، بە جۆرێك وەسفی دیاردە، یان بابەتێك دەکات لە ڕێگەی کۆمەڵە ڕێکارییەکی توێژینەوەییەوە، کە بە پشتبەستن بە کۆمەڵە راسـتی و داتایەك و پۆلینکردن و چارەسەرکردن و شیکردنەوەیان شیکردنەوەیەکی تەواو و ورد ئـەویش تـەواو دەبێـت، ئـەوەش بـە مەبەسـتی پوختەکردنەوەی بەڵگەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان، یان گشتاندنەکان دەربارەی دیاردەیەك، یـان بابـەتێك لـە جیـاتی توێژینەوەکـە (الرشيدي، 2000: 59). بۆ وەسفکردنی دیـاردە، یـان گـرفتێکی دیـاریکراو و وێنـاکردنی لـە ڕووی چەنـدێتی لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی داتاکان و زانیارییە کۆدکراوەکان دەربارەی دیاردە، یان گرفتێك و پۆلینکردن و شیکردنەوەو خستنە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیـەکی

ورد (ملحم، 2000، 324). توێژەرانیش میتۆدی وەسفی و بە ڕێگەی بەراوردکاری دەگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا. ئەوەش لە باوەڕی توێژەران بەوەی زیاتر لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەیدا دەگونجێت.

**٢-٣ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (*Population of the research*):**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بەوە پێناسە دەکرێت، بریتییە لە تێکڕای ئەو تاکانەی داتای دیاردەکان لەخۆدەگرن کە لە ناو لێکۆڵینەوەکەدان، یان مەبەست لێی تێکڕای ئەو زاراوە، یان یەکە دیاردانەیە کە لە ناو ئەم توێژینەوەیەدان (عودە، 1998: 66)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش لە دایکان و مامۆستایانی منداڵان دەستنیشان دەکرێت، ئەو منداڵانەی لە ژێر تەمەنی چوونە قوتابخانەدان، لە هەردوو ڕەگەز (نێر- مێ)و نەبوونی داتای تەواو دەربارەی ژمارەی ئەو منداڵانە، بۆیە توێژەران .

**٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە (*Sampl of the Research*):**

توێژەران پشتیان بە ئەنجامەکانی پیادەو جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەستووە لەسەر (644) دایك و مامۆستاو (322) منداڵ، ئەوانەی تەمەنیان لە (6) ساڵان کەمتر بوو، ئەمەش تەمەنی بڕیار لەسەردراو بۆ چوونە قوتابخانەیە لە لایەن یونسیف .بۆیە ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پێویستیی بە هەڵبژاردنی نموونەیەك هەیە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات و لە قەبارەیدا لەگەڵ ڕێکارییە ئامارییەکاندا بگونجێت، بۆیە توێژەران نموونەی توێژینەوەکەیان بە ڕێگەی چینایەتیی هەڕەمەکی هەڵبژارد. ئەوەش بریتییە لەو نموونەیەی کە تیایدا کۆمەڵگە دابەشی سەر دەستە، یان چینەکان دەبێت و ئەوانیش نوێنەرایەتیی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەکەی دەکەن، پاشان هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لە ناو هەر دەستە، یان چینێکیدا ئەنجام دەدات (عباس واخرون، 2006: 225). بڕوانە لە خشتەی ژمارە (١) :

خشتەی ژمارە (١)

نموونەی توێژینەوەکە

| کۆمەڵەکان | ڕەگەزی منداڵ | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | |
| دایکان | 152 | 170 | 322 | %50 |
| مامۆستایان | 152 | 170 | 322 | %50 |
| کۆ | 304 | 340 | 644 | %100 |
| ڕێژەی سەدی | %0.472 | %0.528 | | |

**چوارەم- ئامرازی پێوانەکردنی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پێویستیی بە پشتبەستن بە یەکێك لەم شێوازانەی کۆکردنەوەی داتا هەیە، لە سۆنگەی ئەوەی توێژینەوەکە ئامانجی پێوانەکردنی پەرتوبڵاوی ئاگاداربوونە لە ڕووانگەی دایکان و مامۆستایان لای منداڵان، بۆیە پێویستیی بە پشتبەستن بە شێوازی تێبینیکردن هەیە لە میانی پەیژەکانی مەزەندەکردنەوە (سلالم التقدير)، ئەمەش وا لە توێژەران دەکات کە ئەو ئامرازی پێوانەکردنە دابین بکەن کە ئامانجیانە، بۆیە توێژەران بیریان لە بونیادنانی ئامرازی پێوانەکردنی پەرت وبڵاوی ئاگاداربوون کردەوە لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە، ئەوەش بە پشتبەستن بە ڕێبەری ئاماری و دەستنیشان کردنی پێنجەمین کۆمەڵەی پزیشکیی دەروونیی ئەمەریکی (DSM-5)، بۆئەوەی پێشکەشی دایکان و مامۆستایانی منداڵانی بکات، تاکو ئەوانیش لە میانی ئەو ئامرازەوە مەزەندەی ئەو سیماو خەسڵەتانە بکەن. لەم خستنەڕووەشدا ئەو هەنگاوانە باس دەکەین کە لەلایەن توێژەرانەوە گیراونەتە بەر بۆ بونیادنانی ئامرازی توێژینەوەکەو چۆنیەتیی دەرهێنانی تایبەتمەندییەکانی پێوەرە سایکۆمەترییەکانی ئامرازی توێژینەوەکە، بەمجۆرەی خوارەوە:

**1) دەستنیشانکردنی چەمك (تحديد المفهوم):**

بە ئامانجی دابینکردنی ئامرازی گونجاو بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەران پەنایان بردە بەر بونیادنانی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی لاوازی ئاگاداربوون لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە، لەبەر بنەمای ەمەش توێژەران بڕگەکانی پێوەرەکەیان بە شێوەیەك گونجاند، کە لەگەڵ تایبەتمەندییە دەروونییەکانی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستایدا بسازێت.

**2) کۆکردنەوەی بڕگەکان (جمع الفقرات):**

پێوەرەکە لە شێوەی بەراییدا دەبێت و لە (29) بڕگە پێکدێت ، پێوانەی ئەو تایبەتمەندییانە دەکات کە ئاماژە بە پەرتوبڵاوی ئاگایی دەکات و بە شێوەی دەستەواژەی راپۆرتی خودی (راپۆرتی زارەکی) داڕێژراوەو لە بەرانبەر هەر بڕگەیەکیش پێنج جێگرەوە هەن: (هەمیشە لەسەرم جێبەجێ دەبێت، بەزۆری لەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەندێکجار لەسەرم جێبەجێ دەبێت، بە دەگمەن لەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەرگیز لەسەرم جێبەجێ نابێت).

**3) شیکردنەوەی ئاماریی ئامرازی پێوانەکردن و دەرهێنانی تایبەتمەندییە پێوەرییەکان (التحلیل الاحصائي لأداة القیاس واستخراج الخصائص القیاسیة):**

بە مەبەستی جەختکردنەوە لە گونجانی پێوەر لە رووی داڕشتنی بڕگەکانی و جێگرەوەی وەڵامدانەوەیان و وردبوونی بۆ پێوانەکردنی پەرتوبڵاوی ئاگایی، تایبەتمەندییەکانی پێوانەی پێوەر لە میانی زنجیرەیەك لە رێكارییەکان هەژمار دەکرێت، وەکو دەرهێنانی (راستگۆیی، جێگیری)، دیارترینی ئەو رێکارییانەی لەلایەن توێژەرانیشەوە گیراونەتەبەر بۆ دڵنیابوون لە تایبەتمەندییە پێوانەییەکان (سایکۆمەترییەکان)، ئەمانەی خوارەوەن:

کرداری شیکردنەوەی ئاماریی بڕگەکانی پێوەرەکە، لە هەنگاوە بنەڕەتییەکانی بونیادنانی پێوەرەکە دادەنرێت، لەبەرئەوەی بەڵگە، یان ئاماژەی ئاماریی ئاستی جۆریی پێوەرەکەو بڕگەکانین، پشتبەستنی ئەو بڕگانەی کە خاوەن تایبەتمەندیی پێوانەکردنی باشن، وا لە پێوەرەکە دەکەن راستگۆترو جێگیرتر بن (Anastasi, 1988: 192).

بۆیە توێژەران ئامرازی پێوانەکردنەکەیان لەسەر نموونەی توێژینەوەکە جێبەجێ کرد، دوای کۆکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لە میانی وەڵامەکانیانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، ئەو وەڵامانە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییەکانی پێوانەی سایکۆمەتریی ئامرازەکە بەم جۆرەی خوارەوە شیکرانەوە:

**1. راستگۆیی (الصدق):**

توێژەران پشتیان بە چەندین رێگە بەست، لەو رێگایانەی بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی راستگۆیی پێوەر پشتیان پێ دەبەسترێت، وەکو راستگۆیی دیارو راستگۆیی بونیادنان بە بەکارهێنانی ئاماژەکان کە بریتین لە: پەیوەستگیریی نمرەی بڕگەکە بە نمرەی گشتیی پێوەرەکەو راستگۆیی هەردوو کۆمەڵە پەرگیرەکە و ئاماژەی راستگۆیی هاوکۆلکەیی و ئاماژەی ریزبەندکراوی پەیوەستگیریی ناوخۆیی، بەڵام بەرلەو جەختکردنەوەیە، کارەکە پێویستیی بە دەرهێنانی راستگۆیی وەرگێڕان هەیە بۆ زانینی ئاستی وەك یەکبوونی هەردوو عەرەبی و کوردییەکە، کە ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

أ. **راستگۆیی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري) (Face validity)**:

راستگۆیی دیار بە یەکێك لە ئاماژەکانی راستگۆیی ناوەڕۆك دادەنرێت، چونکە شیاوی و گونجانی تاقیکردنەوەی راستگۆیی دیار لە میانی سەرنجدان لە ناونیشان و رێنماییەکان و ئەو ئەرکەی پێوانەی دەکات دەردەکەوێت (إبراهيم ،1999 : 23). ئەبیل (Ebel) ئاماژە بەوە دەکات کە راستگۆیی دیار، ئامرازێکی باشە بۆ دڵنیابوون لە شیاویی بڕگەکان، ئەوەش بریتییە لەوەی ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕان راپۆرتێك دەربارەی شیاوییەکەی ئامادە بکەن بۆ پێوانەکردنی ئەو سیفەتەی کە لە پێناویدا دانراوە ( Ebel,1972 , p 140).

بۆیە توێژەر پشتی بە شێوازی راستگۆیی دیار بەستووە، ئەوەش بە خستنەڕووی ئامرازی توێژینەوەکە بە شێوە بەراییەکەی روونکراوەتەوەو خراوەتە بەردەستی (18) شارەزاو دادوەر لە شارەزایان و پسپۆڕانی زانستە دەروونییەکان و پێوانەی دەروونی، ناو و ناونیشانی زانستیشیان لە پاشکۆی ژمارە (١) دا روونکراوەتەوە، ئەوەش بە مەبەستی بڕیاردران لەسەر ئاستی شیاویی بڕگەکان و شیاویی ئەو جێگرەوانەی بۆ وەڵامدانەوەی هەر بڕگەیەك پشتیان پێ بەستراوە، هەروەها زانینی ئاستی رێککەوتنی شارەزاو دادەوەرە بەڕێزەکان دەربارەی ئەوە، بەمەش ئەم شێوازی راستگۆییە بە بەکارهێنانی هەردوو رێگەی رێژەی سەدی و تاقیکردنەوەی چوارگۆشەی کای بۆ باشیی ئەو هاوتاکردنە هەژمار کراوە، بە جۆرێك توێژەر پشتی بە رێژەی رێککەوتنی (75%)و زیاتری نێوان دادوەرەکان و بەهای چوارگۆشەی کای بەستووە کە گەیشتۆتە (3.84)و زیاتر بۆ مانەوەی لەسەر بڕگەکە. (بلۆم Bloom)یش ئاماژە

به‌وه ده‌دات که ڕێژه‌ی ڕێککه‌وتنی شاره‌زایان کاتێك (75%)و زیاتر ده‌بێت، ئه‌و کاته ده‌کرێ وا دابنرێت که برگه‌که مه‌رجی راستگۆیی دیاری خۆی هێناوه‌ته‌دی (بلوم ، 1983 : 125). هه‌ر له‌به‌ر رۆشنایی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی شاره‌زایان و دادوه‌رانی به‌ڕێز، ئه‌وه ده‌رکه‌وت که سه‌رجه‌م برگه‌کانی ئامرازی پێوانه‌کردنه‌که دروستن. خشته‌ی ژماره (4) ئه‌نجامه‌کانی بڕیاری شاره‌زایان و دادوه‌ره به‌ڕێزه‌کان له‌سه‌ر برگه‌کانی پێوه‌ره‌که روون ده‌کاته‌وه:

**خشته‌ی 2**

**ئه‌نجامه‌کانی راستگۆیی ڕواڵه‌تی ئامرازی توێژینه‌وه‌که**

| زنجیره‌یی برگه‌کان | ڕه‌زامه‌ند | | ناڕازی | | به‌های چوارگۆشه‌ی کای | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژماره | ڕێژه‌ی سه‌دی | ژماره | ڕێژه‌ی سه‌دی | هه‌ژمارکراو | خشته‌کاری |
| | 18 | %100 | 0 | %0 | 18 | 3.84 |
| | 17 | %944 | 1 | %5.6 | 14.22 | |
| | 16 | %888 | 2 | %111 | 10.88 | |
| | 15 | %833 | 3 | %166 | 8.00 | |
| | 14 | %777 | 4 | %222 | 5.55 | |
| **برگه دوورخراوه‌کان** | **هیچ برگه‌یه‌کی دوورخراوه نییه** | | | | | |

### ❷ په‌یوه‌ندیی برگه به نمره‌ی گشتیی ئه‌و ره‌هه‌نده‌ی که برگه‌که سه‌ربه‌وه (علاقة الفقرة بالدرجة الكلية للبعد الذي تنتمي إليه الفقرة):

راستگۆیی برگه‌ی تاقیکاری له میانی په‌یوه‌ندیی برگه به نمره‌ی گشتییه‌وه وردبوونی زیاتره له راستگۆیی دیار، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌وه ئاشکرا ده‌کات که برگه پێوانه‌ی هه‌مان چه‌مك ده‌كات که نمره‌ی گشتی پێوانه‌ی ده‌کات، به واتای ئه‌وه‌ی برگه‌کان گونجاون له پێوانه‌کردنی ئه‌وه‌ی له پێناوی پێوانه‌کردنیدا دانراوه ، زێده‌باری دوورخستنه‌وه‌ی ئه‌و برگانه‌ی په‌یوه‌ندییان لاوازه به نمره‌ی گشتییه‌وه‌و ده‌بێته هۆی راستگۆیی پێوه‌رو جێگیرکردنی ، هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندیی برگه‌کان به نمره‌ی گشتییه‌وه به واتای ئه‌وه دێت که پێوه‌ره‌که پێوانه‌ی یه‌ك سیما یان خه‌سڵه‌ت ده‌کات (عبد الرحمن، 1998 : 215)[1].

توێژه‌ر له هه‌ژمارکردنی راستگۆیی برگه پشتی به هاوفاکته‌ری په‌یوه‌ندیی "پێرسۆن" به‌ست له نێوان نمره‌کانی هه‌ر برگه‌یه‌ك به نمره‌ی گشتییه‌وه، له سۆنگه‌ی ئه‌وه‌ی نمره‌کانی برگه‌که په‌یوه‌ندیدارو پله‌پله‌یین، بۆیه وا ده‌خوازێت ئه‌و په‌یوه‌ندییه به‌ڵگه‌داری و ئه‌رێنی بێت، تاکو ببێته ئاماژه‌یه‌ك بۆ راستگۆیی بونیادنان، به‌شدارییه‌کی لاوه‌کیش ده‌به‌خشێته چه‌سپاندنی راستگۆیی بونیادنان به‌و پێیه‌ی راستگۆییه‌کی تاقیکارییه، "ئینستازیش ئاماژه به‌وه ده‌کات که په‌یوه‌ندیی برگه به مه‌حه‌کی ناوخۆیی، یان ده‌ره‌کی ئاماژه‌ی راستگۆییه‌تی، کاتێکیش مه‌حه‌کی ده‌ره‌کیی گونجاو به‌رده‌ست نابێت، ئه‌و کاته نمره‌ی گشتیی وه‌ڵامده‌ره‌وه، باشترین مه‌حه‌کی ناوخۆیی ده‌بێت له هه‌ژمارکردنی ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌دا (Anstasi,1988:153-154)[2].

توێژەر بە ڕێگەی ڕێکخستنی ناوخۆی شیکاری بۆ بڕگەکان کرد، ئەوەش بە هەژماری هاوفاکتەری پەیوەندیی نێوان نمرەی هەر بڕگەیەك و کۆی گشتیی نمرەکانی ڕەهەند، یان پێکهاتە، یاخود ئەو بوارەی سەربەوە، لە میانی بەکارهێنانی هافاکتەری پەیوەندیی پێرسۆنیش، توانرا هاوفاکتەری پەیوەندیی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتییەوە بدۆزرێتەوە، ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە هەموو بڕگەکان بەڵگەداریی ئامارین لە ئاستی بەڵگەداریی (0.001)دا، بە نمرەی ئازادی (642). خشتەی ژمارە (8) بەهای پەیوەندیی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتیی ئەو ڕەهەندەی کە سەربەوە ڕوون دەکاتەوە:

**خشتەی 3**

**فاکتەری پەیوەندیی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتیی ڕەهەندی یەکەم (ئەداو ڕێکخستنی مەعریفی)**

| بڕگە | ناوەڕۆکی بڕگە | بەهای هاوکۆلگەی پەیوەستگیری | بڕگە | ناوەڕۆکی بڕگە | بەهای هاوفاکتەری پەیوەستگیری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەرکی ماڵەوە ئەنجام نادات. | .661$^{***}$ | 7 | وەڵامەکانی پەیوەندی بە پرسیارەکانەوە نییە . | .705$^{***}$ |
| 2 | حەز لە کاری هزری وعەقڵی ناکات. | .735$^{***}$ | 8 | بە خێرایی وەڵام دەداتەوە. | .386$^{***}$ |
| 3 | کێشەی بەردەوامیدانی هەیە لە ئەرك وچالاکییەکان . | .722$^{***}$ | 9 | ئیرامان و تەرکیزی لاوازە. | .713$^{***}$ |
| 4 | خێرا شتی لە بیر دەچێتەوە . | .751$^{***}$ | 10 | خێرا بێزاردەبێت. | .606$^{***}$ |
| 5 | کە داوای کارێکی لێ دەکەیت ئەوەی تێدا بەدی ناکرێت کە گوێی لێتە . | .730$^{***}$ | 11 | کەرەستە و پێداویستییەکانی باخچەی ون دەکان. | .621$^{***}$ |
| 6 | ناتوانێت کارێك بەبێ هەڵەکردن ئەنجام بدات . | .730$^{***}$ | | | |

**خشتەی 4**

**هاوفاکتەری پەیوەندیی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتیی ڕەهەندی دووەم (چالاکییە جوولەییەکان)**

| بڕگە | ناوەڕۆکی بڕگە | بەهای هاوفاکتەری پەیوەستگیری | بڕگە | ناوەڕۆکی بڕگە | بەهای هاوفاکتەری پەیوەستگیری |
|---|---|---|---|---|---|
| 12 | زوو زوو جێگۆرکێ دەکات و شوێنی دەگۆڕێت. | .683$^{***}$ | 16 | کاری مەترسیدار ئەنجام دەدات وەك بازدان خۆهەڵواسین ... هتد | .698$^{***}$ |
| 13 | لەو کاتەی وانەی پێدەڵێمەوە خۆی بە چالاکی و شتی ترەوە سەرقاڵ دەکات | .751$^{***}$ | 17 | لە یەک شوێندا دانانیشێت و خۆی پێ ڕاناگیرێت و بە بەردەوامی جەستەی دەشکێنێتەوە | .775$^{***}$ |
| 14 | لەو کاتەی وانەی پێدەڵێمەوە شەکەتی و بێزاری لێ بەدی دەکرێت | .722$^{***}$ | 18 | کارەکان بە ناچڵی وناتەواوی بە جێدەهێڵێت وخۆی بە کارێکی ترەوە سەرقاڵ دەکات | .758$^{***}$ |
| 15 | ناتوانێت بە هێمنی چالاکی و کارەکانی ئەنجام بدات | .755$^{***}$ | 19 | جوڵەی زۆرە | .681$^{***}$ |

**خشتەی 5**

**هاوفاکتەری پەیوەندیی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتیی ڕەهەندی سێیەم (پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی)**

| بڕگە | ناوەڕۆکی بڕگە | بەهای هاوفاکتەری پەیوەستگیری | بڕگە | ناوەڕۆکی بڕگە | بەهای هاوفاکتەری پەیوەستگیری |
|---|---|---|---|---|---|
| 20 | بەردەوام ڕێسا شکێنی دەکات و بە ڕێنمایی و فەرمانەکانەوە پاباند نابێت | .697*** | 25 | لە کاتی یاریکردندا کێشە لەگەڵ هاوڕێ وبراکانیدا درووست دەکات | .741*** |
| 21 | برا وخوشکەکانی بێزار دەکات | .747*** | 26 | قسە زۆر دەکات | .598*** |
| 22 | خۆ ویستە و ڕێگە بە هاوڕێ وخوشك وبراکانی نادات یاری بکەن | .754*** | 27 | پەیوەندی بە هاوڕێ وخوشك وبراکانیەوە لاوازە | .556*** |
| 23 | لە کاتی یاریکردندا چاوەڕێی نۆرەی خۆی ناکات | .744*** | 28 | دوورە پەرێزە و تێکەڵی هاوڕێکانی نابێت | .523*** |
| 24 | دەستوەردەدات (تەداخولی) کاری برا وخوشکەکانی دەکات | .741*** | 29 | قسە بە برا و خوشك و کەسانی تر دەبڕێت | .664*** |

- **بەهای خشتەیی هاوفاکتەری پەیوەندیی نمرەی ئازاد (642) لە ئاستی بەڵگەداریی**
- **0.05* = (0.088)،**
- **0.01** = (0.115)**
- **0.001*** = (0.147)**

لەو بەهایانەی لە خشتەکەی سەرەوە روونکراونەتەوە دەردەکەوێت کە هەموو بڕگەکان بەڵگەداریی ئامارین لە ئاستی بەڵگەداری کە لەلایەن توێژەرەوە پشتی پێ بەستراوە، بەمەش ئامرازی توێژینەوەکە بە شێوازی کۆتایی لە (29) بڕگە پێکهاتووە

**٢- جێگیری (الثبات):**

توێژەران بەهای هاوکۆلکەی جێگیریی پێوەریان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپێرمان- براون وەکو هاوکێشەیەکی راستکردنەوەی شێوازی بەشکاری دەرهێنا، یان ئەوەی بە ناوی (نیوە بەشکاری- التجزئە النصفیە) ناسراوە، هەروەها توێژەران پەنایان بردە بەر رێگەی شیکردنەوەی جیاوازیکاری و بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەلفا- کرونباخ بە هۆی گونجانی لەگەڵ سرووشتی پێوەرە بەکارهێنراوەکە لەم توێژینەوەیەدا، بە جۆرێك هەر یەکە لە سۆراندایك و هیگن (Thorndike & Hegen, 1977) ئاماژەیان بەوە داوە کە دەرهێنانی جێگیری بەپێی ئەم رێگەیە لەسەر رێکوپێکی و گونجاندن لە وەڵامدانەوەکانی کەسەکە بۆهەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی پێوەرەکە راوەستاوە (Thorndike &Hegen,1977: 82) . توێژەران ئەوەیان لەلا روون بۆوە کە دوای بەکارهێنانی هەردوو هاوکێشەکە، بەهای پێوەری پەرت وبڵاوی ئاگاداربوون لەگەڵ بەهای جێگیریی پەسەندکراو بۆ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگونجێت و لەباریشە، بە جۆرێك (فوران ،1961) باسی ئەوە دەکات کە وا باشترە هاوکۆلکەی جێگیری گەورەتر بێت لە (0.70) (Foran,1961:484). بۆیە ئامرازی توێژینەوەکە خاوەن جێگرییەکی تا رادەیەك بەرزە. خشتەی ژمارە ( ٢) ئەو ئەنجامانە روون دەکاتەوە:

**خشتەی 6**

**بەهای هاوکۆلکەی جێگیریی هەر سێ ڕەهەندەکانی پێوەری پەرتوبڵاویی ئاگایی روون دەکاتەوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەکانی سیپەرمان- براون، ئەلفا- کرۆنباخ**

| زنجیرە | ڕەهەند | بڕگەکان | | جێگیری بە بەکارهێنانی هاوکێشە | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | لە | تا | سبیرمان - براون | ألفا - کرونباخ |
| 1 | ئەدای کارو ڕێکخستنی مەعریفی | 1 | 11 | 0.876 | 0.865 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | ئەدای کارو چالاکی جوولەیی | 12 | 19 | 0.819 | 0.802 |
| 3 | پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 20 | 29 | 0.869 | 0.856 |

**ئامرازە ئامارییەکان :**

توێژەران پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (الحقيبە الاحصائيە) SPSS بۆ تەواوکردنی ڕێکارییەکانی توێژینەوەکەی ئێستای و شیکردنەوەی داتاکانی لە میانی بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئامارییەکانەی خوارەوە:

-تاقیکردنەوەی چوارگۆشەی کای بۆ باشتر پیادەو جێبەجێکردن (المطابقة)، بۆ هەژماری راستگۆیی رواڵەتی ئامرازی توێژینەوە.

-هاوکێشەی لادانی پێوەری بۆ هەژمارکردنی هەڵەی پێوەری وهەژمارکردنی شێوەی دابەشکردنی نمرەکانی ئامرازی توێژینەوەکە.

-هاوکێشەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ هەژمارکردنی پەیوەندی نێوان نمرەی بڕگەو نمرەی گشتیی ڕەهەندەکانی ئامرازی توێژینەوەکە.

-هاوکێشەی ئەلفا- کرونباخ بۆ هەژمارکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە.

-هاوکێشەی سپیرمان براون بۆ هەژمارکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە.

-هاوکێشەی هەڵەی پێوەری (الخطأ المعياري).

-تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ هەژمارکردنی جیاوازی بەپێی ڕەگەزو تایبەتمەندی (پسپۆڕی)ی زانستی، هەروەها هەژمارکردنی هاوکۆلکەی راستگۆیی بەراوردکارییانەی پەڕگیرەکان (الطرفية)ی ئامرازی توێژینەوەکە.

-تاقیکردنەوەی تائی یەك نموونە بۆ هەژمارکردنی پەرتوبڵاویی ئاگایی لە ڕوانگەی دایکان و مامۆستایانی منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە.

-تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی جیاوازی یەکانەیی (الاحادي) بۆ هەژمارکردنی جیاکاری لە پەرتوبڵاویی ئاگایی لە ڕوانگەی دایکان و مامۆستایانی منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە بەپێی سەرچاوەی پەرتوبڵاوی.

-تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی جیاوازی دووانەیەی بۆ هەژمارکردنی جیاوازی لە پەرتوبڵاویی ئاگایی لە ڕوانگەی دایکان و مامۆستایانی منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە بەپێی سەرچاوەی پەرتوبڵاوی و ڕەگەزی منداڵەکە.

-هاوکێشەی شێفێ (شيفيه) بۆ ئەنجامدانی بەراوردکاریی دواییەنەیی (البعدية).

**٤- خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو شرۆڤەکردنیان**

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت، کە لە ئەنجامی پراکتیزەکردنی دوو ئامرازی پێوانەکردن بەسەر تاکەکانی نموونەی توژینەوەکەدا ئەنجام دراون و لەلایەن توێژەرانەوە پشتیان پێبەستراوەو بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنراون، هەروەها زانینی بەڵگەداریی جیاوازییە ئامارییەکان بۆ دڵنیابوون و هێنانەدیی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پاشانیش شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان، تا گەیشتن بە بەرئەنجامەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان و ئەو پێشنیارانەی توێژەران بە باشی دەزانن.

**ئامانجی یەکەم : بونیادنانی پێوەرێك بۆ پەرتوبڵاوی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە چوونە قوتابخانە، کە وەکو ڕێبەری (DSM-5) پشتی پێبەسترێت.**

توێژەران لە میانی پشتبەستن بە تایبەتمەندییەکانی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە کە لە ڕێبەری پێنجەم (DSM-5) دا هاتووە دڵنیابوونەوە، چونکە دوای داڕشتنەوەی بڕگەکانی پێوەرەکە توێژەران تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانیان وەکو راستگۆیی و جێگیری و جیاوازیکاری و دیاریکردنی پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی هەژمارکرد، کە لە ڕێکارییەکانی توێژینەوەکەدا هاتوون و دیارن.

**ئامانجی دووەم: ناسین و زانینی ئاستی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە.**

بۆ هێنانەدی و دڵنیابوون لەم ئامانجەش، توێژەر ناوەندە نموونەی(متوسط العينة) پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون دەرهێنا کە دەرکەوت (72.22)بوو بە لادانی پێوەریانە کە گەیشتە (22.14)، دوای بەراوردکردنی بە ناوەندەی گریمانەیی کە (87) بوو، توێژەر بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ بەڵگەداریی جیاوازیی نێوان چاوگەنموونەکەو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (تاقیکردەوەی تائیی یەك چاوگەنموونە) ئەنجامەکان دەرکەوتن کە: بەهای تائیی هەژمارکراو گەیشتە (82.76) بە بەراورد لەگەڵ بەهای تائیی خشتەکراو کە ئەویش (1.96) بوو،

دەرکەوت جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05)و نمرەی ئـازادیی (643)دا هەیـە. خشـتەی ژمـارە (٣) ئـەو ئەنجامانـە روون دەکاتەوە

خشتەی 7

ئاستی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە روون دەکاتەوە

| ناوەندە ژمێری | ناوەنــــدە گریمانەیی | لادانی پێوەری | بــەهای تـائی هەژمارکراو | بەهای تـائی خشتەکاری | نمــرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری لە (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 72.22 | 87 | 22.14 | 82.76 | 1.96 | 643 | بەڵگەدارە |

ئــەوەش روون دەبێتــەوە کە تاکەکانی نموونەکە پــەرتوبڵاویی ئاگاداربوون هەیە، توێژەر ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ سرووشتی ئەو قۆناغی تەمەنەی کە منداڵان پێیدا تێپەڕ دەبن، کە تیایدا ئاگایی لە هەر چالاکییـەکی فێرکـاریی دیـاریکراودا چـڕ دەکرێتـەوە، کـە زەحمـەتی و ئاسـتەنگێکی زۆریـان هەیـە، چونکـە هێشـتا لەگـەڵی رانـەهاتوون و فێـری خڕکردنـەوەو چڕکردنـەوەی ئاگاییـان لـەو چالاکییانەدا نییە، بە جۆرێك پارێزگاریکردن لەسەر ئاگاداربوونی هەمیشەیی لەو چالاکییانەی پێویستییان بە جەختکردنەوەی ئاگـایی هەیە لە پێشەوەی ئەو توانایانە دێن کە پێویستن بۆ بەردەوامیدان بە هەر چالاکییەکی فێرکاری.

**ئامانجی سێیەم : زانین و نـاسینی ئاستی جیاوازی لە پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە بەپێی رەگەزی منداڵان (نێر – مێ).**

لە پێناو هێنانەدیی ئـەم ئامانجـە، تـوێژەر ناوەنـدە هـەژماریی رەگـەزی منـداڵانی ئـەژمار کـرد، بـە جۆرێـك ئەنجامـەکان ئـەوەیان دەرخست کە ناوەندە هەژماریی نێـر (کـوڕان) گەیشـتە (77.54)، بـە لادانی پێوەریانـەی (22.90)، بـەڵام مـێ (کچـان) ئەنجامـەکانی ناوەندە هەژمار لە لایان (67.53) بوو، بـە لادانی پێوەریانـە کـە بەهاکـەی (20.39) بـوو. تـوێژەر ئـەم ئەنجامانـەی لـە هـەژماکردنی جیاوازیی نێوان هەردوو رەگەز بەکارهێنا، ئەوەش لە میانەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائیی هـەژمارکراو بـۆ دوو چاوەگەنموونـەی سەربەخۆ، دوای ئەوە ئەنجامەکان دەریانخست کە بەهای تائیی هەژمارکراو گەیشـتە (5.816) لـە نمـرەی ئـازادی (642)و لـە ئاسـتی بەڵگەداریی (0.05). دوای بەراوردی بەهای تـائیی هـەژمارکراو بـە بـەهای تـائیی خشـتەکاری گەیشـتە (1.96)، بەمـەش ئەنجامـەکان ئاماژەیان بە بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری دا. خشتەی ژمارە (٤) ئەو ئەنجامانە روون دەکاتەوە:

خشتەی 8

| چاوگەنموونە | قـــــــــەبارەی چاوگەنموونە | ناوەنـــــدە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | ئاسـتی بەڵگـەداری لە (0.001) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەکاری | |
| نێر | 304 | 77.54 | 22.90 | 5.816 | 3.391 | بەڵگەدارە |
| مێ | 340 | 67.53 | 20.39 | | | |

لە ئەنجامەکانی سەرەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە جیاوازیی نێوان نێرو مێ لـە پـەرتوبڵاویی ئاگـاداربوون لـە بەرژەوەنـدیی رەگـەزی نێردا بوو، توێژەر ئەم ئەنجامانە دەگەڕێنێتەوە بۆ سرووشتی پێکهاتەی جەستەیی و هەڵچوونی رەگەزی نێـر، کـە وایـان لـێ دەکـات بەلای چالاکیی جوولەیی زیاتر بچن لەو چالاکییانـەی تایبـەتن بـە لایـەنی مەعریفییـەوەو پێویسـتییان بـە خڕکردنـەوەو چڕکردنـەوەی ئاگاداربوون هەیە، لە بەرانبەریشدا سرووشتی هەڵچوون لای رەگەزی مێ و مەیل و ئارەزوویـان بـە لای ئـەو چالاکییانـەدا دەچێـت

سرووشتی کۆمەڵایەتییان هەیەو وایان لێ دەکات ئەو چالاکییانە لە چالاکییە مەعریفییەکان بە باشتر بزانن، بەڵام نمرەی ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانە لای رەگەزی مێ، لەوانەیە پێداگیرییەکی (الحاح)ی گونجاو نەبێت لەگەڵ هێزی ئەو چالاکییانەی سرووشتێکی جوولەییان هەیە لای رەگەزی نێر، ئەمەش وا دەکات لە پەرتوبڵاویی ئاگاییدا لە یەکترییەوە نزیك بن، بەڵام لە رووی سرووشتی ئەو چالاکیانەی لە چالاکییە مەعریفییەکان بە باشتری دەزانن، جیاوازییان هەیە.

**ئامانجی چوارەم: ناسین و زانینی جیاوازییەکان لە پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە لە روانگەی پەروەردەکاران (دایکان – مامۆستایان)ـەوە.**

بە ئامانجی دڵنیابوون و هێنانەدیی ئەم ئامانجە، توێژەران بەهای ناوەندی ژمێریاری بۆ هەر یەك لە دایکان و مامۆستایان بە جوودا دەرکرد. ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە ناوەندی ژمێریاری دایکان گەیشتە (73.84) بە لادانی پێوەری کە رێژەکەی (20.74) بوو، بەڵام مامۆستایان ئەنجامەکانی ناوەندی ژمێریاری (70.60) بوو، بە لادانی پێوەری کە بەهاکەی گەیشتە (23.38). توێژەران ئەم ئەنجامانەیان لە هەژمارکردنی جیاوازیی نێوان هەردوو جۆری پەروەردەکاران بەکارهێنا، ئەوەش لە میانی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، دوای ئەوەی ئەنجامەکان دەریانخست کە بەهای تائیی هەژمارکراو گەیشتە (1.863) لە نمرەی ئازادیی (642)و ئاستی بەڵگەداریی (0.05)، دوای بەراوردکردنی بەهای تائیی هەژمارکراو بە بەهای تائیی خشتەکاری کە (1.96) بوو، ئەنجامەکان ئاماژەیان بە نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری دا. خشتەی ژمارە (٥) ئەو ئەنجامانە روون دەکاتەوە:

**خشتەی 9**

**ئاستی جیاوازیی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە لە روانگەی پەروەردەکاران (دایکان – مامۆستایان)ـەوە روون دەکاتەوە**

| نموونە | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری لە (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەکار ی | |
| **دایکان** | 322 | 73.84 | 20.74 | 1.863 | 1.968 | بەڵگەدار نییە |
| **مامۆستایان** | 322 | 70.60 | 23.38 | | | |

لەوئەنجامانەی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان دایکان و مامۆستایاندا نییە لە مەزەندەکردنیان بۆ پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە. توێژەران ئەم ئەنجامانە بەوە شرۆڤە دەکەن کە هەر یەکە لە دایکان و مامۆستایانی باخچەی منداڵان کاتێکی درێژ لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بەسەر دەبەن، ئەمەش وایان لێ دەکات وێنەیەکی روون و ئاشکراو شارەزایی و پەیبردنێکی تەواو دەربارەی رەفتارەکانیان بزانن، کە ئەمەش دەبێتە مایەی هاوڕایی و رێککەوتنی نێوان دایکان و مامۆستایان لە زانین و ناسین و دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی بە دەست پەرتوبڵاویی ئاگاییەوە دەناڵێنن.

**٤-١ دەرئەنجامەکان:**

1. دەکرێ منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە پەرتوبڵاوی ئاگادارکردنیان هەبێت، ئەوەش لەوانەیە بە هۆی رانەهێنانیان بێت لەسەر خڕکردنەوەو چڕکردنەوەی ئاگاداربوونیان لەو بابەتانەی کە پێویستە بە تایبەتی ئاگاداری بن.
2. تووشبوونی منداڵان لە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە بە پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون، دەبێتە هۆی درووست بوونی جیاوازی رەگەزی لە نێوان رەگەزی نێر و مێ.
3. کرداری دەستنیشانکردنی پەرتوبڵاویی ئاگاداربوون، کردارێکی هاوسۆزییانەیە، چونکە پێویستە خێزانی منداڵانیش لەگەڵ مامۆستاکانی باخچەی منداڵان بەشداری لەو دەستنیشانکردنەدا بکەن. چونکە هەردوو لایان راستەوخۆو بە بەردەوامی بەرکەوتنیان بە منداڵەوە هەیە.

4. هۆکاری پـەرتوبڵاویی ئـاگاداربوون دەگەڕێتـەوە بۆ چەندین سەرچاوە، لەوانەش بە پلەی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بـۆ هۆکـارە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و لە دوای ئەوانەش هۆکاری مەعریفی و جوولەیی وەکو یەك.

5. رەگـەزی نێـر زیـاتر دەکەوێتـە بـەر کاریگـەریی هۆکـارە جوولەییـەکان و دوای ئـەویش هۆکـارە کۆمەڵایەتییـەکان و ئینجـا مەعریفییەکان، کەچی رەگەزی مێ زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەریی هۆکارە مەعریفییەکان و توانسـتە عەقڵییەکانـەوەو کـەمتریش دەکەونە بەر هۆکارە جوولەییەکانەوە.

**٤-٢ راسپاردەکان :**

١- بایەخ دانی وەزارەتی پەروەردە بە ئەنجامدانی تێستی بەردەوام بۆ دەستنیشان کردنی قوتابییان لەو تەمەنەدا پـیش وەرگرتنیـان لە قوتابخانە وە هەروەها بە لایەنی کەم ساڵانە ئەو تیستە لە سـەریان جێبەجـێ بکرێـت بـۆ ئەوەی ئەگەر هـاتوو ئەو حاڵەتەیـان لە لا هەبوو بتوانرێت لە قۆناغێکی پێشکەوتوودا کۆنترۆڵ بکرێت .

٢- هەڵسانی وەزارەتی پەروەردە بە سوود وەرگرتن لەم پێوەرەی کە بونیاد نراوە لە لایەن توێژەرانەوە بۆ دەست نیشانکردنی لاوازی ئاگاداربوون لە لای منداڵانی پێش تەمەنی چوونە قوتابخانە

**٤-٣ پێشنیارەکان :**

**١**- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر بە بەکارهێنانی ئەم پێوەرەی کە توێژەران لەم تـوێژەنەوەیەدا بنیـادی نـاوە لە چوارچێـوەی تیـۆری پێوانەکردنی هاوچەرخ .

٢- بنیادنانی پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی فرە جوڵەیی بۆ منداڵانی تەمەنی پـێش چـوونە قوتابخـانە بەهـۆی ئەوەی پەیوەنـدییەکی راستەوخۆی بە لاوازی ئاگاداربوون هەیە .

**5- سەرچاوەکان :**

الاغبري ،بدر سعيد على(2005) ،(دراسة تحليلية لواقع رياض الطفال في اليمن) ، مؤتمر الطفولة الوطني الأول من 16-18 يوليو المنعقد في جامعة تعز ،اليمن.

البطاينة و اخرون ، اسمة محمد و الرشدان ، مالك احمد و السبايلة ، عبيد عبد ( 2005) ، (صعوبات التعلم النضرية و الممارسة) ، ط1 ، دار الميسرة ، عمان .

الرشيدى،بشير صالح(2000) ،(مناهج البحث التربوى -رؤية تطبيقية مبسطة) ، طبع دار الكتاب الحديث و اخرين ، القاهرة .

السطحية ، ابتسام حامد محمد (2005) ، ( الضبط الكفي لدى الاطفال الذين اضطراب قصور الانتباه مع فرط النشاط ، المتمر الدولى الول لقسم علم النفس ( تنمية السلوك البشرى ) ، كلية الاداب ، جامعة طنطا .

عباس ،محمد خليل و اخرون(2006) ، ( مدخل الى مناهج البحث في التربية و علم النفس) ، دار الميسرة للنشر و التوزيع ،عمان.

عبد الفهيم، أحمد (2016)، (المحكات التشخيصية: الدليل التشخيصي والإحصائي الخامس للاضطرابات النفسية) ، دار الزهراء، الرياض.

عبيات ،لارا (2017) ، (تشتت الانتباه) ، ط.1 ، دار دجلة للنشر و التوزيع ، عمان .

عودة، احمد سليمان (1998) ،(القياس و التقيم في العملية التدريسية) ،دار الامل للنشر و التوزيع ، الاردن .

القمش ، مصطفى و المعايطة ، خليل (2007) ،( الاضطرابات السلوكية و الانفعالية ). دارميسرة للنشر و التوزيع ، عمان .

كوافحة ، تيسير مفلح(2003) ، (صعوبات التعلم والخطة العلاجية المقترحة) ،ط١ ،دار الميسرة ،عمان.

ماكنتاير ،ماريان ترجمة خالد العامري (2004) ،(اهمية اللعب للاطفال ذوي الاحتياجات الخاصة ط ،دار الفاروق للنشر والتوزيع ،القاهرة.

مجدي محمد الدسوقي (2006) ،(ضطراب نقص الانتباه المصحوب بالنشاط الزائد)، مكتبة الانجلو المصرية،القاهره .

مجيد ، سوسن (2008) ، ( مشكلات الاطفال النفسية و الاساليب الارشادية لمعالجتها) . دار صفاء للنشر و توزيع ، عمان .

ملحم ،سامى محمد (2000) ، ( مناهج البحث في التربية و علم النفس ) ، دار الميسرة ، عمان .

موسوعه علم نفس الشامله ، ط1 ، لبنان، بيروت ، (1999)، ص51.

Anastasi, A. (1988) Psychological testing. 6th Edition, Macmillan Publishing Company, New York.

Einarsdottir, J (2009). Teaching Children with Attention- Deficit Hyperactivity Disorder: Leclandic Early Childhood Teachers' Perspectives. Early Child Development & Care, 178 (4), 375- 397.

Foran, J.C. (1961). (A Note on Methods Measuring Reliability. Journal of Educational Psychology), Vol.22, No.4. 383-387.

Maccini , P, Gagnon ,J,C, Hughes ,C, A,(2002): Technolog Practices of secondary students with Learning disabilities Journal of Learning disabilities , Vol .25 ,P,P(247-261).
Morrison, J. (2014). DSM- 5 made easy: The clinician's guide to diagnosis. New York: The Guildford Press
R. L. Thorndike and E. P. Hagen. Measurement and evaluation in psychology and education. (4th edition) New York: Wiley, 1977
Yong, G (2008). Teachers' Perceptions of Young Children with AttentionDeficit Hyperactivity Disorder in Korea. Early Child Development of Care, 178 (4), 399- 414.

**بناء مقياس لضعف الإنتباه لدى الأطفال ما قبل سن دخول المدرسة للإستناد الى الدليل التشخيصي و الإحصائي الخامس (DSM-5)**

**وليد خالد عبدالكريم**
بەشی ڕێنمایی دەروونی،فاکەڵتی پەروەردە،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Waleed.baban@su.edu.krd

**خەڵات خيرالله خضر**
بەشی باخچەی منداڵان،کۆلێژی،پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Khalatkoye1@gmail.com

**ملخص**

بعد ان استشعر الباحثون بوجود مشكلة تشتت الانتباه لدى بعض الاطفال، قاموا باجراء بحث تحت عنوان بناء مقياس لتحديد تشتت الانتباه لدى اطفال في سن ما قبل الدخول الى المدرسة وبالاعتماد على الدليل التشخيصي و الاحصائي الخامس للجمعية الامريكية للطب النفسي (DSM_5) حيث اختارو عينة طبقية عشوائية المتكون من 644 من الامهات و 322 من معلمة لاطفال سن ما قبل الدخول الى المدرسة. ولعدم وجود مقياس ملائم يستند الى المعايير الدولية، كمقياس (DSM_5) لذا قام الباحثون وبالاعتماد على المعايير الموجودة في الدليل المذكور، قاموا باجراء بناء قائمة لعلامات تشتت الانتباه لدى اطفال سن ما قبل الدخول الى المدرسة، حيث وصلوا الى نتائج مفادها، يمكن لاطفال سن ما قبل الدخول الى المدرسة بان يكون لديهم تشتت الانتباه، وهذا بسبب تدريبهم المكثف في تلك المواضيع التي من الضروري مراعاتهم فيها. وبما ان عنصر الجنس من العوامل المهمة للاصابة بتشتت الانتباه، لذا نسبة اصابة الذكور بها اكثر من اصابة الاناث.

**كلمات الرئيسية** : تشتت الانتباه ، الاطفال ما قبل دخول المدرسة ، (DSM_5).

**Constructing a poor of attention deficit in preschool children based on the fifth Diagnostic and Statistical Manual (DSM-5)**

**Abstract**

Khalat Kherulah khthr
Department of Kindergarten,College of Basic Education,Salahaddin university-Erbil
Khalatkoye1@gmail.com

Waleed Khaled Abdulkareem
Department of Psychology and Educational Sciences,College of Education, Salahaddin university-Erbil
Waleed.baban@su.edu.krd

After the researchers sensed the existence of a problem of distraction in some children, they conducted a research under the title of building a measure to determine the distraction of attention in children of pre-school age and based on the fifth guide of Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (DSM_5), where they chose a random stratified sample consisting of 644 Of the mothers and 322 of the teachers of children of pre-school age. And in the absence of an appropriate scale based on international standards, such as the (DSM_5) scale, so the researchers, based on the criteria found in the aforementioned guide, they made a list of signs of distraction among children of pre-school age, where they reached the results that pre-school children can have distraction, and this is because of their intensive training in those subjects that It is necessary to take them into account. And since the gender component is one of the important factors for the incidence of distraction, so the incidence of males is more than that of females.

**Keywords :** attention deficit , preschool children **,** of Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders 5th edition (DSM_5)

**پاشكۆكان**

**پاشكۆی (١)**

**ناوی پسپۆران وشارەزایان كە ڕاو سەرنجیان هەبووە لەرێككاریەكانی توێژینەوەكە**

| ذ | ناو | زانكۆ | پسپۆری |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. مؤيد اسماعيل جرجيس | زانكۆی سەڵاحەدین | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ٢ | پ.د.صابر عبدالله سعيد | زانكۆی دهۆک | پێوانە و هەڵسەنگاندن |
| ٣ | پ.ی. صابر بۆكانی | زانكۆی سلێمانی | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ٤ | پ.د. چاچان جمعه محمد | زانكۆی دهۆک | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ٥ | پ.د.اسۆ صالح سعيد | وەزارەتی خوێندنی باڵای عراق | ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی |
| ٦ | پ.ی.د. سلوى احمد امين | زانكۆی سەڵاحەدین | پێوانە و هەڵسەنگاندن |
| ٧ | پ.ی.د. ايوب خەسرەو نادر | زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ٨ | پ.ی.د محمد محيدين الجباری | زانكۆی سەڵاحەدین | پێوانە و هەڵسەنگاندن |
| ٩ | پ.ی.د. اراز حكيم رضا | زانكۆی سەڵاحەدین | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ١٠ | پ.ی.د ديار محی الدين الجباری | زانكۆی سەڵاحەدین | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ١١ | پ.ی.د عبدالصمد احمد محمد | زانكۆی سلێمانی | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ١٢ | پ.ی.د روناک حميد عثمان | زانكۆی سۆران | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ١٣ | پ.ی.د كاروان كاكەبرا كاكەمد | زانكۆی سۆران | دەروونزانی زمانەوانی |
| ١٤ | پ.ی.د. سينا احمد علی | زانكۆی سەڵاحەدین | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ١٥ | پ.ی.د. حسن فخرالدين خالد | زانكۆی سلێمانی | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ١٦ | پ.ی.د. بان صباح يحيی | زانكۆی سەڵاحەدین | دەرونزانی گەشە |
| ١٧ | د.هەناو حسن محمد | زانكۆی سلێمانی | دەرونزانی پەروەردەیی |
| ١٨ | د.شەوبۆ شمس الدين | زانكۆی سەڵاحەدین | پێوانە و هەڵسەنگاندن |